هەرکەسێک تۆمەت بداتە پاڵ خزمەتکارەکەی (بەندەکەی) لەکاتێکدا ئەو بێتاوان بێت، لە ڕۆژی قیامەتدا (گەورەکەی) جەڵد دەکرێت؛ مەگەر بەندەکە بەو شێوەیە بێت کە وەسفی کردووە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە ئەبو قاسم بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەرکەسێک تۆمەت بداتە پاڵ خزمەتکارەکەی (بەندەکەی) لەکاتێکدا ئەو بێتاوان بێت، لە ڕۆژی قیامەتدا (گەورەکەی) جەڵد دەکرێت؛ مەگەر بەندەکە بەو شێوەیە بێت کە وەسفی کردووە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەگەر گەورەیەک تۆمەت بداتە پاڵ خزمەتکارەکەی (بەندەکەی)؛ ئەوا لە دونیادا سنووری شەرعی (حەددی) لەسەر جێبەجێ ناکرێت چونکە حەددی شەرعی هۆکاری لێخۆشبوونە لە ئەو کەسەی کە سنوورەکەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، لەبەرئەوەی لە قیامەتدا سزا دەدرێت بۆیە لە دونیادا سنووری شەرعی لەسەر جێبەجێ ناکرێت، وجێبەجێ نەکردنی سنووری شەرعی لەسەری لە دونیادا یەکدەنگی زانایانی لەسەرە، وحەدد جێبەجێ ناکرێت لەسەر گەورەکەی چونکە زۆر جار بەهۆی دڵنیایی وزۆرینەی گومانەوە تۆمەت هەڵدەواسێت بۆ خزمەتکارەکەی (بەندەکەی)، وبەم تۆمەت هەڵواسینە نرخەکەی دادەبەزێت وئەمیش زیانە بۆ سەر گەورەکەی (خاوەنەکەی). وئەم فەرموودەیە گشتگیری ئەم ئایەتە تایبەت دەکات، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَٱلَّذِينَ يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا۟ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجْلِدُوهُمْ ثَمَٰنِينَ جَلْدَةً} [النور: 4] واتە:{وە ئەوانەی کە بوهتانی (زینا) دەخەنە پاڵ ئافرەتانی داوێن پاک لە پاشان چوار شاهێد ناهێنن (لەسەر ڕاستی بوهتانەکەیان) ئەوە هەشتا دار (شەلاق:جەڵد)یان لێ بدەن}.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58244